www.kurdistannet.org
18-4-2003 19:42

# خۆم بوم بە پاشا یا خوا کردمی بە پاشا!

نوسینی: ئەنتۆنی پیخۆف
وەرگێڕانی:تەها ئەمین هەڵەدنی

هەبوو نەبوو پاشایەک بوو، خوێنمژ وەک هەموو پاشاکان، کەڵلە ووشک ەوک هەموو مل هوڕەکان، سادیس وەک هەموو پێغەمبەرکان. ووڵاتەکەی پڕ لە ئاژاوەو کوشتووبڕ. خەڵکەکەش برسیو ڕەجاڵ.

بۆ ئەوەی خەڵکی سەرگەرمی بابەتێکی لاوەکی بکا، تا بیر لە چارەنوسی خۆیان نەکەنەوە گەڕا، گەڕا تا بیرێکی نەفرەت لێکراەی دۆزیەوە.

هات هەموو ڕۆژانی هەینی خەڵکەکەی کۆ دەکردەوەو لێی دەپرسین:من خۆم بوم بە پاشا، یا خوا کردمی بە پاشا؟

وتیشی: هەرچی وەڵامی ئەرێ نەبوو، سەری هەڵدەکێشم. هەرچیش وەڵامی زانی دەیبەخشم.

هەینی یەکەم لە جوان ناوێکی پرسی، خۆم بوم بە پاشا، یا خوا کردمی بە پاشا؟

چونکە ناوی خوا لای پاشاکان هەمیشە وێردی سەرزمان بوە، جوان ناوەکە یەکسەر بێ یەکوو دوو ووتی: خوا.

پاشا فەرمانیدا: لە سەری دەن.

هەینی ئایندە پاشا هێمای کرد بۆ ژیلوان ناوێ و پرسیارەکەی دوبارە کردەوە:خۆم بوم بە پاشا، یا خوا کردمی بە پاشا؟

ژیلوان ناوەکە، چونکە گوێی لە جوان ناوەکە بوو، وەڵامی ڕاست نەبوو، لە سەریشی درا، بێ یەکوو دوو ووتی :خۆت بووی خاوەن شکۆ خۆت بووی بە پاشا.

پاشا فەرمانیدا:لەسەری بدەن.

هەینی پاش هەینی خەڵکەکە تووڕەو تووڕەتر دەبون، چارەشیان نەبوو، چ بکەن لە گەڵ دەسەڵاتی پاشا!؟

کار گەشتە ئاستێ پڕانی خەڵک کەسێک یان پرتریان بوە قوربانی بیری بۆگەنی پاشا.

خەڵکەکە بە ناچاری ڕێگەی نەهاتیان هەڵبژادرو ڕویان کردە چیاو ووڵاتیان بۆ پاشا بە جێهێڵا.

پاشا وەک نە بای دیبێ نا باران، لە ڕاو شکاری خۆی نەکەوت، پاش چەندانێ بەخۆیوو دارودەستەکەی ڕویان کردە چیا، بۆڕاو شکار. یەکێک لە تانجیەکانی پاشا دوای مامزێک کەوت، مامزەکەش بۆ ڕزگاری گیانی تا تینی بوو تاوی دەدا، تا نەبێتە قاورمەی پاشا.

مامزی بەستە زمانیش لە تاودا خۆیکرد بەناو گەلەمەڕێکی خەڵکە ڕاکردوەکەدا، تا لە دەست تانجی پاشا ڕزگاری بێ.

شوانی گەلە مەڕەکە تانجیەکەی ناسیەوەو تا توانای بوو کەورگێکی کێشا بە قوولە قاپەی تانجیەکەی پاشادا.

تانجیاکەی پاشا بە قوزەقوز گەڕایەوە لای پاسەوانەکانی پاشا.

پاسەواناکان لە ترسی دڕندەیی پاشا، بە جێگەی گەڕانەوەی تانجیەکەدا ڕۆشتن، تا شواناکەیان دی.

www.kurdistannet.org
18-4-2003 19:42

هۆی هۆ شوانه، تانجیەکت نەدیوه لەو ناوه؟

-بەڵێ تانجەکم دی، ناسیمەوه کە تانجی پاشایه، هەتا توانام بوو، بەردێکی خۆشدەستم کێشا به قولله قاپەیدا، باوەڕدەکەم قاجیم شکاند!

+شوانەی نەگبەت ئێمه دەبێت بتبەین بۆ لای پاشا، بەلام لای پاشا مەڵی من قاجی تانجیەکەم شکاند. چوونکه پاشا سەرت دەکا.

*هۆ شوانه، تۆ تانجیەکەی من دەناسیەوه؟

-ئەری، مەزنێ مه!

*تۆ تانجیەکەی منێ دی؟

بەڵێ گەورەم. زانیم تانجی تۆیه، بۆیه کوچکێکم کێشا به قوللەقاپەیدا، وابزانم قاجیم شکاند!

*زانیشت تانجی منه، بۆیه قاجیت شکاند؟

*سەیره!

چەند چاو قایمی!

*من دەبێ سەرت هەڵکەنمشوانه، بەڵام چونکه هێنده چاو قایمی، مەرجی لەدار نەدانت وەڵامی پرسەکەم بێ، ئەگەر زانیت.

-بەڵێ گەورەم، زانیم، بۆیه قاڵم پکاند!

* بڵێ شوانه: من خۆم بوم به پاشا یا خوا کردمی به پاشا؟

هەرچەند من تانجیەکەی خۆمم زۆر خۆش دەوێ، بەڵام ئەگەر وەڵامت زانی دەتبەخشم.

-پاشا نه خۆت بوی بەپاشا نه خواکردتی به پاشا!

* نەخۆم بوم به پاشا نه خوا کردمی، ئەی کێکردمی به پاشا شوانه؟

- ئێمه تۆمان کرد به پاشا پاشا، ئێمه نەبین تۆش نابی به پاشا.

*دەمخۆش شوانه، برۆ خەڵکەکەش بانگبکەرەوه، دەیان بەخشم به ووشیاریوو زرنگی تۆ.

-ئێمه هیچ گوناهێکمان نەکردوه پاشا تا بمان بەخشی!

*شوانه :دەمدرێژی مەکه، برۆ خەڵکەکه بانگکەرەوه!

هێشتا مامه سۆفی خاوەن بڕیاره.

تێبینی:ئەم کورته چیرۆکەی چیخۆفم له نامەی مەردوم بەهاری ١٩٧٩ بڵاوکردەوه.

(جا نازانم کەی لاسایی ئەو شوانه دەکەینەوه، نوسەر)

http://quran9. tripod. Com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینه دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییه.